# نامەیەك بۆ بەڕێز دکتۆر کەمال سەیید قادر لە زیندانا

پاش سلاو ڕێز

ڕاگەیاندنی ژمارە – 26–

بەڕێز لەو ڕۆژەوە کە ئیوە بە ؛ تاوانی ؛ نووسینی دوو ووتار بێ سەروشوێن کراون ، ئیمە هەر لەسەرەتای ئەو ڕەوشتە مافیایانەوە جێ پێ هەنگاو بە هەنگاوی دۆزەکەی دکتۆر کەمالمان هەلگرتووەو هەر لەو کاتەوە وەک کۆمەڵێک ئینسانی ئازادیخوازو دەنگی داپەروەری و ئازادی بەرۆکمان بە کاربەدەستانی ئەو دەسەلاتە گرت کە فەرمانی دەستگیرکردنی ئیوەی دابوو وە ناچارکران کەدان بنین بەو ڕاستی یەدا کەئێوە لەلای ئەوان دەستگیرکراون .

دواتر کاتیک کە گوشارەکانی بەرەی ئازادیخوازان فراوانتر بووەوەو چەندین کۆمیتەو داکۆکی کردن لەئازادی بیروردابرین پیکهاتن و سەدان نووسەران و ئازادیخواز نایاساییبوونی ئەو کردەوە مافیایانەیان دووپات کردەوەو پاشان کاتیک کە بە یاساو ریساو پیوانەکانی بەعس، 30 سال حکومیان دا بەسەرتاندا ، ئەم بەرە رق ئەستوورتر ولیبراوانەتر هاتنەمەیدان ونارەزایەتیان دژ بە دەسەلاتی پارتی دەربری تا کار گەشت بە شوینیک کە لافاوی تورەی ئازادیخوازان و هاتنەمەیدانیان سنووری ئەم شەرەی فراوانتر کردەوەو لەمپەرێکی کەم وێنەی دروست بوو بۆ داکۆکی لە ئازادی بیروراادەربرین، ئەم دەنگە سنووری کوردستان و ناو بازنەی جالیەی پەنابەرانی لە هەندەرانی شکاندو بە ڕادەیەک بە توندی نارەزایەتی خۆی دەبری و کەژمارەیەک لە گەورەترین دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان بە تایتلی گەورە لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی خۆیانەوە هەواڵی دەستگیرکردن و رفاندنی دکتۆر کەمالی ڕاگەیاند.

کار بەوە گەشت کە حکومەتی ئەمەریکا ناچار بوو بەوەی کە بەجۆریک نارەزایەتی خۆی دەربریت لە پەیوەند بە مامەلەیەک کە لەگەل ئیوەدا ئەنجامدراوە. نەک هەر ئەمە بەلکو حکومەتی نەمسا پاش هەول و تەقەلایەکی زۆر بە توند نارەزایەتی خۆی دەبرِی دژ بەو کردەوانەی کە لەبەرامبەر بە دکتۆر کەمال سەید قادر ئەنجامدرا. ئەمانەو گەلێک مەسەلەی تر دەسەلاتی پارتیان ناچارکرد بەوەی کە هەر ڕۆژەی بەجۆرێک و لە ڕێگەیەوە هەولْ بدەن کەفوکوڵی نارەزایەتی خەلک دامرکێننەوە، هەر ڕۆژەی بە بەڵین و بەهانەوە شێوازێک ڕوویان دەکردە خەڵک وپاساوی مانەوەی ئێوەیان لە زیندانا دادەتاشی، بەلام سەنگەری خەبات ڕۆژ بە ڕۆژ درەوشاوەتر دەبووەوە !

بەڕێز دەزانین ودلنیاین لەوەی کەماوەی ئەم چوار مانگە تاڵترین ڕۆژگارەکانی تەمەنی ژیانی ئێوەبووە ، ئاگادارین وئاگادارین کەئەم ڕۆژانە ئاسایشی دەسەلاتی پارتی لە هیچ جۆرە سووکایەتی پێ کردنێک بە ئێوە کەمتەرخەمی نەکردووە. ئاگادارین ودەزانین کە کار گەشتووە بە لیدان وئەشکەنجەو دووچاربوونتان بە نەخۆشی مەترسییدارو ئەگەری نابینایی بەرۆکی پێ گرتوون. بەلام بە ئارامی سەرێک لە دیوی زیندان دەربهێنەوە سەیرێکی شەقام بکە بزانە چۆن هەژاوە، سەیری هەڵویستی سەدان ڕۆشنبیرو نووسەرو ئەدیب وکەسایەتی بکە بزانە بە چ ڕادەیەک بێزارن لەو ڕەوشتانە، سەیری وێنەکانی دکتۆر کەمال بکە بزانە چۆن فراوانترین ڕووبەری گۆڤارو ڕۆژنامەکانی جیهانی گرتووەتەوە.

سەیرێکی یەکگرتوویی بەرەی ئازادییخوازان بکەن بزانە چ سەنگەرێکیان پێکهێناوە، سەیرکە ئەمرۆ ئەزموونێکی نوێ وکەم وێنە لەپشت سەر دۆزەکەی دکتۆر کەمالەوە چۆن قەتارەی گرتووە. ئەم ریزەو ئەم دەنگە نوێیە ئەگەر بەشێکی هاتنەمەیدانی بۆ ئازادی دکتۆر کەمال بوو، ئەوا بەدڵنیایی بەشیکی زۆر بەرچاوی دەیانەوێ دۆزی دکتۆر کەمال بکەنە هێمای گۆرینی ئەو یاسایانەی بەعس کە سەران ودەسەلاتدارانی پارتی خۆیان پێ لەوە دەنێن کە 15 سالە لە کوردستاندا ئەوە بەڕێوە دەبەن ودکتۆر کەمالیش هەر بەو یاسا نادادپەروەرانە دادگایی کراوە. ریزێکی فراوان لەخەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان لەسەرتاسەری جیهان هاتوونەتە مەیدان بۆ داکۆکییکردن لە ئازادیی بێ بەندو مەرج و ئازادیی بیروڕادەبرین وئازادیی بەیان و ڕەخنەگرتن. بۆ درێژە پێدانی ئەم شەرە پێویستمان بەگیان وجەستەو هەڵوێستی بەردەوامی دکتۆر کەمال هەیەو نابێت ڕێگەیەک بگرنەبەر کە بەنرخی کۆتایی هاتن بە ژیانتان دوای بیت !

بەڕێز ئێمە لە هەموو ئازار وسەختییەکانی ژیانی ئەمڕۆژانەتان تێ دەگەین وهەنگاو بەهەنگاو لەگەل لێدانی ترپەی دلتاین، بەلام درێژەدانی خەبات وپێکهێنانی گۆرانکاری پێویستی بە هەلبژارندنی شێوازی گونجاو هەیە تا هەلقەکانی خەبات فراوانتر بکاتەوە تابتوانێ هەنگاوەکانی بنیادنانی کۆمەلگایەکی ئازادو بەرابەر کۆمەلگایەکی مەدەنی خیراتربکاتەوە.

بۆیە ئیمە لە سۆنگەی هەلبژاردنی ڕێگەو ڕەوشتیک کە بتوانیت پاریزگاری لە ژیان وگیانمان بکا، دەکرێت ڕەوشتیکی شایستە ترو گونجاو تربێ بۆ داکۆکییکردن لە هەقانیەتی ئازادیی بیروڕادەبرین وهەلوێستەکانی دکتۆر کەمال داواتان لێ دەکەین کە هەرچی زووتر کۆتای بە مانگرتن لەخواردن بهێنن بۆ ئەوەی دلێرانەتر ڕووبەڕووی ئەو واقعە تالە بینەوە. ئەمە داوای دەنگی شەقامەو دەنگی ئازادییخوازانە لەئێوە، چاوەڕوانین لەو دیو شیشی زیندانەکانەوە بەدەنگێکی بەرزترو پڕ وزەتر هاوار بکەیت بژی سەنگەری خەبات بۆ داکۆکییکردن لە ئازادیی بیروڕادەربرین وبە عەزمو جەزمەوە دەستت لەنیو دەستمانا بیت وکۆتایی هینان بەمانگرتن لەخواردن ڕاگەیەنیت.

کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال سەیید قادر کۆمیتەی سەرپەشتیار

2006 / 3 / 1